**خاوەنی ئیمتیاز**
**ئیسماعیل بەرزنجی**
**سەرنووسەر**
**محەمەد قادر**
sardamm2003@yahoo.com

## خەبەر عاجیل

پەیامنێرمان لەخاکی حیجازەوە بە تەلەفۆن ئەم خەبەرە عاجیل و سەرسوڕهێنەرەی پێراگەیاندین: گوایە نزیکەی هەشتا پەرلەمانتاری عێراقی بە مەبەستی بەجێهێنای فەریزەی حەج، بە فڕۆکەی تایبەت و بەبێ عارەقکردن و ماندوبوون، وە بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی دەرچونی ناوەکانیان بکەن، خۆیان گەیاندۆتە خاکی مەککەو مەدینەو گەرەکیانە خوا لەخۆیان ڕازیکەن، بۆ وردەکاری زیاتر ئێوەش تەوافێکی پاشماوەی خەبەر عاجیل بکەن لە لاپەرە ل٣٧



www.gep-media.com
E: gepgovar@yahoo.com
Tel: 0750 704 3082
**گۆڤارێکی مانگانەی کاریکاتێرییە**
ئەوەڵ ژمارە ٢٠٠٤/١٠/١ لە دەستمان دەرچوو
متمانەی ژمارە (٨٤) ی ٢٠١٠/١/٧ی
سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی پێدراوە

کاریکاویتر




ل3
ئەم مەزلومە بەرانبەر چی واقی وڕماوە؟



ل27
ئەم شینە زەلامە کێیە بە سەر ملی ئەو تولفەوە؟



129
ساڵی هەشتەم ٢٠١١/١٠/٢٦
بەکاتی: تەخت کردنی قەززافی

**دەستەی نووسەران**
حسن العانی
عەلی مەندەلاوی
کەژاڵ ئیسماعیل
سالار حەسەن
ڕێبوار ئدریس
نەجات حەمید
کەریم مودەریس

**نوێنەری گۆڤار لە دهۆک**
سەردارکێستەیی
serdar_kesteyi@yahoo.com

**بەڕێوەبەری هونەری و نەخشەڕێژ**
رزگار فەقێ عەولا

**بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی**
چیار ئەحمەد سالار

**ماێپەر:**
ڕێباز نەجات

**دیزاین**
چیار ئەحمەد
دلاوەر جەمیل

**سەرپەرشتی چاپ:**
هێمن نەجات

**هونەرمەندانی کاریکاتێریست**
خضیر الحمیری
سالم سەلیم
ئیسماعیل خەیات
پەروەر
باسم ڕەسام
سەردار کێستەیی
عەلی دەروێش
سۆران کوردپوور
ڕۆستەم زادە (نامۆ)
زێرەڤان سالح
سەرتیپ فەتاح
بابان
ئەحمەد مەندەلاوی
ئاراس بالەتەیی
فەرەیدون هاوار
نەبەع وەندی

**نووسەرانی بەشداربوو**
بەختیار حەسەن
شوان غەمبار
سالار محمد
ڕفعەت کەرکووکی
دیار خورشید
کاروان فەتحی

بەرگی یەکەم: سود لە دیزاینی پێشنیازکراوی هونەرمەند (باسم ڕەسام) وەرگیراوە.

**بۆ بەشداری لە کرینی گەپ**
**پەیوەندی بەم ژمارانەی دەزگای تەتەروە بکەن**
**٠٦٦٢٥٥٢٢٢٤ ٠٦٦٢٥٥٢٢٢٥**
**٠٦٦٢٥٥٢٢٢٣**

چاپخانەی موکریانی- هەولێر
**ناونیشان:**
**هەولێر- گەرەکی ئەندازیاران**

نرخ: ٥٠٠ دینار ئەگەر فریای بکەویت
تیراژ: ٤٠٠٠ دانە



# بە مەزەندە

*بە مـەزەندەی ئـەوانـەی هیوایەتیان حیمایەکردنەو بە ئەقڵی مەسئولە فوول حیمایەکان، چاوەڕوان دەکرێت ئیتر مەسئول و خەڵکی لەیەک جیانەکرێنەوە، دوای ئەوەی دەرکـەوت پاسەوانە تایبەتەکان هیچ مافێکی ئیداری و مەعاش شمولیان ناکات و لە جێی خۆیاندا بە چەقیوی ئەمێننەوە ...

* بە مەزەندەی خەبیرەکانی خۆ کوشتوبڕ کردنی خەڵکی، پاش ئەوەی دەرکەوتووە زۆربەی ئەوانەی خۆیان ئەکوژن خوار تەمەن ١٨ساڵن، لەوانەیە ماوەیەکی تر لە ڕەوزەو حەزانەکان کورسی و پەتی پەتپەتێن و کەوچک و چنگاڵی نانخواردن قەدەغە بکرێت ...

* بەمەزەندەی قەڵەم بەدەستە نەخویندەوارەکان و بە ئەقڵی جنێونووسەکان، پاش ئەوەی بڕیاردرا کەس حەدی نەبێت بیلامانێ ( ئەو نەوعە بەحساب ڕۆژنامەنووسانە دەستگیر بکات) چـاوەڕوان دەکرێت هەرچی شەقاوەو چەقۆوەشێن و رینگۆی لاکۆڵانان هەیە دەست بە دەرکردنی ڕۆژنامە بکەن ....

* بەمەزەندەی خزمەتگوزارە بەلاشەکانی کەرتی خێروبێر، پاش ئەوەی لە کەرکوک بووە بە مۆدێل خەڵکی خێرمەند بە شۆفل و سەیارەی خۆیان زبڵ و خاشاکی ماڵان فڕێ ئەدەن، لەوانەیە ماوەیەکی تر شارەوانی بکەوێتە پشووی هەمیشەییەوەو بە مدیریەتەوە تەقاعود بکرێن ...

بە مەزەندە



سیاسەت




## شاشەیtvیەکان

لەشاشەی ناوخۆی قەڵات تیڤی و لەبەرنامەی زەنگدا تیمێک چونە ناو قەیسەری هەولێر بۆ پاک ڕاگرتنی بازاڕەکە و کردنەوەی جێگای هاوڵاتیان چونە لای پیاوێکی پیر وتیان مامە ۳۰ سمم بۆ دیاری دەکەین بۆ هێنانە دەرەوەی شتومەک پیاوەکە قسەی خراپی کرد، لەجیاتی ئەوەی ئەم کەناڵە قسەکانی ببڕن قسە باشەکانیان بڕی و لەپڕ بەریاندا وتی: دوربێ لەڕوتان وتی گونم بۆیاخ کەن!

* لەشاشەی ناوخۆی لاوتیڤی دوا بەدوای گۆرانیەکی فول دانص و ڕاپی تورکی ڕیکلامی بەرنامەیەکی کۆمەک کۆکردنەوە بۆ ماڵە هەژارەکان بە مۆسیقایەکی جەرگ بڕەوە هاتە سەر شاشە، من نازانم ئەوە چ تەنسیقێک ناهەقی واقبوڵ دەکات؟ دەی موشکیلە نیە دیارە کارمەندانی تەلەفزیۆنەکان ئەم گۆڤارە ناخوێننەوە بەتایبەت ئەم گۆشەیە؟

* لە شاشەی کوردستان تیڤداو لەعانی دیمەنەکانی هەواڵە وەرزیشیەکاندا بەفۆنتێکی زەبەلاح نوسرابوو: یانەی بەرشەلۆنە نازناوی خولی ئیتاڵیای بەدەستهێنا، ئەگەر بەپێی ئەو هەواڵە بێ ڕەنگە ڕیاڵمەدریدیش نازناوی خولی فەرەنسای بەدەستهێنابێ.

* لەشاشەی کەناڵی ئاسمانی زاگرۆسدا سێ ڕۆژ دوای بردنەوەی هەڵبژاردەی تۆپی پێی عێراق لە وڵاتی صین ئینجا ئەم کەناڵە ئاسمانیە ئەیفەرموو: وا بڕیارە لە یارییەکی بەهێزدا بۆ پاڵاوتنی جامی جیهانی هەر دوو هەڵبژاردەی عێراق و چین بەیەک بگەن.

* تەماشای تەلەفزیۆنی ناوخۆیی لاوتیڤیم دەکرد، لەپڕ دیسکتۆپی کۆمپیتەرێک هاتە سەر شاشە! خوا لێم نەگرێت برادەرانی کۆنترۆڵ وابزانم خەریکی فەیسبوک بوون!



# سیاسەت

## نامەیەك/ لە خەڵكی خانەقینەوە بۆ حاكمی قەرەقوش نوری مالیكی






سالار حەسەن

لـە مـاڵ بـەمـاڵـی نـیـیـەت پـاکـەوە
لـەشـاری کـوردی ڕەسـەن خـاکـەوە
لـە ئـەڵـوەنـدەکـەی گـەرمـەسـێـرەوە
لـە خـانـەقـیـنـی بـێـشـەی شـێـرەوە
نـامـە ئـەنـوسـیـن خـەت بـە باریکی
بـۆ حـوکـمـەتـەکـەی نـوری مالیکی
نـامـەیـەک پڕبـێ لـە تـوڕەیـی خەڵک
دژی ڕەفـتـارو بـڕیـاری بێکەڵک
ئـەو بـڕیـارانـەی لـەم و لـەوەوە
وەردەگـری و دەیـڵێی بـەدەم خـەوەوە
بەم چرچ و لۆچـەی سـەر ناوچەوانت
دەتـەوێ ئـێـمـەش بـیـنـە گـاوانت؟
خـەیـاڵـت وابـوو لـە هـەمـوو شـاری
ئـاڵای کـوردسـتـان بێنیتە خـواری
پێت وابـوو هێنده گێژین و داماو
تۆ هەرچیت فەرموو بڵێین بەسەر چاو
قەت نەکەی دڵی خۆت بەوە خۆشکەی
شلەو شـەربـەتی لـەو جـۆرە نۆشکەی
جا با بیمە جـواو وەزمـانـە شیرین
وە لـەهـجـەی کـوردی خـەڵـگ خانەقین
بیشم ها کـاورا چـەتـوای لەلیمان؟
جـەنـگ فروشیتـەی وە نـاحـەق پیمان
هـەرگ وەسـەرتـان ئـەیـە کـەی ڕاسە؟
عـاڵـەم ئـەژنـەفت ئـەی قـسـەو باسە
سـەد کـاری خاسمان وەلـتـانا نەکرد؟
ئاخر ئـەڕای چە قارتان تێ لە کورد؟
وەبـان زگ ئـیـمـەو بـینـە بنیـادەم
خوەتان کردیەسە کور حـەزرەت ئادەم
ئیمە نـەویـایـمـان وەبـنـەو ئەکەفتن
وەنـاو مـقـەبـای شـارع ئەخەفتن
باقی وە سـڵاو ئـار تـیـتـان بـەربـوت
ئاڵای کورد وەناو چەوەیلتان دەربوت!!



## عەینەن یەك



### باغە هەڵواسراوەکانی بابل

١- یەکێکە لە ٧ شتە  سەر سوڕهێنەرەکانی جیهان
٢- تەنها لە شاری بابل دا هەیە
٣- دیمەنێکی دڵرفێنی هەیە
٤- لول و پێچاو پێچە
٥- لەناوەڕاستی عێراقدایە
٦- جاران گەشتیار لە جیهانەوە دەهاتن بۆ سەیری
٧- لە جێگایەکی گەرمە سێرە.

### کێشە هەڵواسراوەکان بەغدا

١- نەوتەکەی یەکێکە لە بەلەزەترین شتی جیهان.

٢- شاری تیانیە لێوان لێو نەبێت لە گۆبەن.
٣- تیرۆرستی خەڵک فرێنی لێ کۆبۆتەوە.
٤- ئەوەندە ئاڵۆزە لەپرچی شێت ئەچێت!
٥- لە دەروو دراوسێشەوە بۆمان هاوردە دەکەن.
٦- دوو فەرەی پیا لێدە سێ یەم فەرە سەرت ئەبەن بۆ شام و وە لاشەت بۆ شیراز!
٧- لە تارانەوە دێت و لەوێ گەرمی دەکەنەوە!

سیاسەت



# شعری بەرەڵا

## بەسەرهاتی ژیانی سەربازیم

**ئەلقەی چوارەم**

دلێر محمود سابیر

ماڵت وێرانبێ ئیسراحەتت لێم تێک داوە
چەنێک بتشۆم هەر چڵکنی
هەر ڕشکنی
مۆتەکەی گەردنی منی
وا بە نیازم تێکڕای کونییەکەت تەفتیش
کەم
تا سەرجەمی ژیانی سەختی کەرێتی ناو
سەربازگەت
بۆ تەفلیش کەم
ببیی
ئەی ریشەکەم
زۆر دەمێکە شەرارەکەی ڕق و کینەی
پڕ گەلەییم جۆشی داوم
زۆر لە مێژە خوێن سووری کرد بەری
چاوم
کەریان بە گوریس بەستەوە
منیش بە تۆ پەت کراوم
تا ئێستاش کە مەئیوس ماوم
پێم عەیبە توند بیوەشێنم
دەس و گورزی بە شاڵاوم
ببیی
ئەی ریشەکەم
ئەی گەندە مووی دەم و چاوم
ئەی جووتە سمێڵی بابر
بە دوو لادا ڕاکشاوم
ئەی کوڵە پووشی کوونە گوێ،،پشتە مل
و،،،

ئـەی مـوو خـۆرکـە لـێ دراوی،،گـەنـە
خواردووی سنگ و پشت و بن باخەڵ
و،،
کونە لووت و هەموو درزو قلێشەکەم
پێتانەوە موبتەلا بووم
بە گوێزان هەلا هەلا بووم
مووکێش نەما نەی پسێنم
گوێزان نەما نەی شکێنم
ڕێگا نەما نەی گرمە بەر
تا لە ئێشە بتهێنمە دەر
تا کەی ئەمە بێ ئێشەکەم ئەی ریشەکەم
؟؟!!
تەمەنێکە لێتان ئەدەم دوایی نایە
ئەم بەڵایە
ئەوەی کۆستەیە لای وایە
دەماری پیاوەتی تیایە
بۆیە بزن داشی سوارە
بێ ناوو نیشان کورە شایە
ئەی ریشەکەم
تۆی هۆکاری تەمەڵی و
نەمانی وزە
با بزانی لە هەر بیچمێکا درێژ بووی
ڕەمزی دزە
موسیبەتی چاوی کزە
ئەوەی لە تۆ ئیزعاج نابێ
دەماغ سزە
ببیی

ئەی ریشەکەم
لە بیرت دێ لە مەیدانی عەرەزاتا
کە چۆن چزکت بە من ادا
لە بەر چاوی دۆست و براو
چەن کەسانێکی گەوادا؟!
لە بیرت دێ ریشە فەنی
خەڵکی چۆن پێم پێ ئەکەنی ؟
هەر لە دۆست و برادەران
هەتا پیاوی حیز و دەنی ؟
خۆ لە بیرتە بەیانییەکی سارد و سر
بە گارە گار
هەر وەکو مریشکێکی کڕ
کزەی با بوو
چلەی زستان و سەرما بوو
بەس تی شێرتێک لە بەرما بوو
بە ئاوی ساردو مووسە کۆن
کەوتمە وێزەت
قرم کردی
ترۆم کردی
ئاوا ژیام
هەی تێت ڕیام
کەچی لە ساحەی ناو براو
وەک ئافاتی سەر لێ شێواو
یەکەم قاچم دا بە عەرزا
لە گەڵ دڵە ڕاوکێ و لەرزا
یەکسەر سەرت هەڵ دایەوە
بە دەم کزەی ئەو بایەو

ئیهانەکەم کرایەوە
شەرم ناکەی
لە سەر تۆ بووم بە مەسخەرە
لە بەر دەمی ئامر فەوج و
مراسیلی عەریف خەرە
قاز تەڕ نابێ،،
بەڵام هەستم کرد زۆر تەڕە
تەمەنم ئاوا بردە سەر
لە گەڵ پووشی ووشکی بەد فەڕ
هیچت نەبەخشی بە جوانیم
هەی جانەوەر
غەیری زەرەر
نە بۆم بوویتە ڕەمزی پیا وو
نە بە سێبەر
تۆ نە مایەی شانازیت و
نەهیچیشت لێ دێتە بەر
گەر ڕزقیت خوا داویە بە من
من ئەی بەخشم
بیدا بە کەر
چی تر بڵێم ؟؟ حاڵی نابی
ماڵی نابی،،
بەڵام گوێ بگرە تا مابی
تا لە گیانم دا ڕووا بی
ئەگەر تاجی سەری شاە بی
هەر تێکەڵ ئاوی زێرابی
هەر تێکەڵ ئاوی زێرابی